www.kurdistannet.org
21-7-02 11:22:49

# لەرۆژگارێکدا دەژین مەحکومین بەکرانەوە و قبوڵکرنی جیاوازی

نورەدین سەعید وەیسی

شتێکی نویٚ نیە کاتێك دەڵێین کۆمەڵگای ئێمە وەك هەموو کۆمەڵگاکانی رۆژهەلاٌت، کۆمەڵگایەکی خێڵەکیو داخراوە ولەژێر هەژموونی دونیایەك دابونەریت و موقەدەسات دایە،کۆمەڵگایەکی بارگاوییە بەدونیایەك بەهای کلتوریو کۆمەلاٌیەتی کە قسە لەسەر کردنیان و دانانی هێمای پرسیار لەبەردەمیاندا کارێکی قەدەغەو تابووە.

ئەم کۆمەڵگاچەپێنراوو قەدەغەیەش فەزایەکی سەرکوتکارانەی هێناوەتە ئاراوە و هیچ دەرفەتێکی ئەوتۆی بۆ دایەلۆك و گفتوگۆی راشکاوانە لەنێوان ئەندامەکانینەهێشتۆتەوە سەرەنجام لەکۆمەڵگایەکی ئاوادا کەپەیوەندییە کۆمەلاٌیەتیەکانی لەسەر بنەمای بیروراگۆرینەوەوگفتوگۆنەبێت. جگە لەمرۆڤگەلی ترسنۆك و شەرمن و بیٚ ئیرادە هیچی دیکە بەرهەم ناهێنێت،چونکە لەنێو ئەو تەلبەندە گەورەیەی قەدەغەدا مرۆڤ هەرگیز جورئەتی گومان وپرسیارکردن و رەخنەگرتنی نابێت،چونکە لەناخەوە تێکشکاوەو کەسایەتێکی لەرزۆکی هەیە.

بەمانایەکی دیکە دەکریٚ بلێین کۆمەڵگای کوردی لەنێو بازنەیەکیداخراوی ترس وتۆقاندن و سەرکوتکردندا دەخولێتەوە، ئەم سەرکوتکردن و تۆقاندنەش لەخێزانەوە دەست پیٚ دەکات، چونکە وەك هەمووومان دەزانین لەنێو خێزانی کوردیدا قسەی یەکەم ودووماهی بۆ باوکە. ئەو ئامر وناهییە لەنێو چوار دیواری ماڵدا کەدەبیٚ هەموو ئەندامانی خێزان شەو ورۆژ گوٚرایەڵی فرمانەکانی بن و تەنها ئەو مافی قسەکردن و بریاردانیهەیە، ئەم رەوشە وایکردووە کە خودی ئەندامانی خێزانیش هەریەك لەراست خۆی هەوڵی سەرکوتی ئەوی لەخۆی بچوکترو ژێر دەستی بدات و بەمجۆرەش لەنێو بازنەیەکی داخراوی سەرکوتکردندا دەخولێنەوە.بێگومان مرۆڤ لەنێو رەوشێکی خێزانیسەرکوتکراوی ئاوادا گەورەبێت،ئاسان نیە مرۆڤێکی سینگ فراوان وجیاوازقبولکەرو لێبوردەی لیٚدەربچێت، گرفتەکەش لەوەدا زیاتر قوولٚ دەبێتەوە کە تاکی کورد وێرای ئەوپاشخانە کۆمەلاٌیەتیە داخراوو سەرکوتە نێوخۆییە دووچاری سەرکوتێکی دەرەکي ش دەبێتەوە چونکە داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە ویستوویانە تاکی کورد لەگۆشەیەکی زۆر تەسکدا ئابلوقەبدەن کەنەتوانیٚ پشووو هەناسەیەك بدات.

ئەم رەوشە کۆمەلاٌیەتیە دەرهاوێشتەی بەسەر بزووتنەوەی سیاسی ئێمەشدا هەبووە بەوەی کەلەنێو خۆشیدا دژی جیاوازی بووە و بەتوندیش رووبەرووی بۆتەوە،ئەمەش یەکێك بووە لەهۆکارە هەرە سەرەکیەکانی سەرهەڵدانیشەری ناوەخۆ لەنێو هێزە سیاسیەکانی ئێمەدا و بەردەوام بوونیشی تارۆژی ئەمرۆ هۆکارەکەی بۆ بروانەبوونی ئێمە بەقبوڵکردنی جیاوازی دەگەرێتەوە، ئەوەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کەهەر یەك لەباڵەکانی بزووتنەوەی سیاسي ئێمە خۆی بە رەسەن دەزانیٚوئەوی دیکە رەتدەکاتەوە و پێیوایە هەقیقەتی رەها لای ئەوەو دەبیٚ هەموو رەوتەکان بگەرێنەوەژێر چەترو رەشماڵی ئەو، ئەم تێفکرینەش زەبرێکی زۆری لەهیواوخواستی ئێمە لەپێکەوە ژیان و قبوڵکردنی جیاوازییەکان داوە و هەنگاوەکانی لەرۆیشتن بەرەودیموکراسی وکۆمەڵگای هاوچەرخ بەکجار زۆر دواخستووە.

دیارە لەدوای راپەرین رەوشێکی تازە هاتە ئاراوە کەرووبەرووی پێشهات وگۆرانکارییەکی تازەی کردینەوە.کەئەگەر چی پەنابردنمان بۆهەڵبژاردن هەنگاوێکینویٚ و مژدە بەخش بوو،بەلاٌم دیسانیش بەهۆی پاشخانی کۆمەلاٌیەتیوسیاسیمانەوە لەبروانەبوون وقبوڵنەکردنی جیاوازی یەکدی، تووشی دێوەزمەی شەر وخوێنرێژی کردینەوە ئەمەش بەرۆشنی دەریخست کەئێمە هێشتا خۆمان لەکلتوری تاکرەویو پاوانخوازی خاڵی نەکردۆتەوە،

ئەمڕۆ ئێمە بمانەوێ ونەمانەوێ هاتووینەتە نێو ڕۆژگار ودونیایەکی کراوە، دونیایەك کەئەوەی چەندین ساڵە لەسەری گۆشکراوین لەدەست لێنەدان و پیرۆز ڕاگرتنی زۆر مەسەلە، ئەمڕۆ ئەو پیرۆزیەیان نەماوەوناکرێ بەهەمان کلتورو پێودانگی ساڵانیڕابردوو مامەڵەیان لەگەڵ دابکەین. چونکە ئەم شاڵاوی کرانەوەیە سنوور بەزێنە و ناتوانرێت بەری پێبگیرێت و بوەستێنرێت.

بۆیە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کرانەوەو قبوڵکردنی جیاوازی وپاساو هێنانەوە بۆ وەستان دژی ئەم شاڵاوە، مەحکومە بەشکست و دۆڕان.لێرەوە ڕۆشنبیرانی ئێمە پەیامێکی گرنگ و مێژوویان لەسەر شانە،ئەویش خوێندنەوەی ڕەخنەییانەی ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەورەوت وبۆچوونانەیە کەپاساو بۆداخران و سەرکوتکردن و ڕەخنەنەگرتن دەهێننەوە.چونکە ڕەخنەگرتن وەزیفەیەکی هەرە سەرەکی ڕۆشنبیرە کەهەمیشەدەبێ گومان وپرسیاری هەبێ و لەدەرگا داخراوو قەدەغەکراوەکان بدات، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ڕەخنە هەرگیز مانای دژایەتی نیە، بەڵکو بەهادانە بەبەرامبەر، بەو مانایەی کاتێمن ڕەخنە لەتۆ دەگرم،ئیعتیباروبەهایەك بۆتۆ دادەنێم وبەشایەنی ئەوەت دەزانم کەگفتوگۆت لەگەڵدا بکەم ورەخنەت لێبگرم، بەلاّم ئیشکالیەت لێرەدا بریتیە لەپۆلێنکردنی ڕەخنە بۆ ڕووخێنەرو بنیاتنەر، کە ئەمەش لەقاوغدانی ڕەخنەو ڕاڤەکردنیەتی بەپێی بۆچوون و بەرژەوەندییە تایبەتیەکان،چونکە تێکدرەی و بونیاتنەری ڕەخنەکارێکی ڕێژەییە ورەنگە ئەوەی بەلای کەسێکەوە بنیاتنەربێت، بەلای بەرامبەرەکەیەوە ڕووخێنەر بێت، ئەم لێکدانەوەیەشەکەهەمیشە کەسی ڕەخنەگر وەکو پیلانگێر و لەڕێ لادەر و وێنا دەکات، کاتێ سەرنجیش لەو بیانوو وپاساوانە دەدەین کەڕێگە لەڕەخنەگرتن دەگرن یا بەپێی مەرج وپێودانگی خۆیانەوە ڕەخنەیان قبووڵە، دەبینین کۆی پاساوەکان لەوەدایەك دەگرنەوە کە ئێمە هێشتالەڕەوشێکی سەقامگیردا نین و سەرەنجام ڕەنگە ڕەخنەگرتن بەخراپ لەدژی ئەزموونی ئێستاماندا بقۆزرێتەوە، ئەم پاساوەش کەمترین ڕەوایەتی وماقولیەتی تێدا نیە،چونکە هەم ئازادی و کرانەوەو ڕەخنەگرتن پرۆژەیەك نین کەقابیلی دواخستن بن،هەمیش ئێمە بەدواخستنی پرۆژە ڕەخنەییەکانمان ناتوانین داهاتوویەکی ڕۆشن وسەقامگیر ویەکگرتوو بەهێز بنیات بنێین، چونکە بەچ لۆجیکێك ئێمە بەچاو پۆشین لەکەم و کوڕی وهەڵەکانەوە بەرەو کۆمەڵگایەکی کراوە و تەندروست دەچین.من تەواو بێگومانیشم لەوەی ئەوانەی دژی ڕەخنەگرتن وکرانەوە و ڕاشکاوبن، ئەوانەن کە دەخوازن لەژێرپەردە و سایەی دەمکوتکردنی ڕۆرشنبیراندا، بەگەندەڵی ومشەخۆری ئەم ئەزموونە بنکۆڵ بکەن وسەرەنجام بەرەو هەڵدێری بەرن،بەپێچەوانەشەوە هەموو ئەوانەی ڕەخنەی جیدی دەگرن و لەئاست کەم وکوڕییەکان بێدەنگ نابن، ئەوانەن کە بەرابردوویەکی پاك و نیشتیمانییەوە سەنگەری داکۆکی کردنیان لەم ئەزموونە گرتووە و بەتوندی پەرۆشی بەرەوپێشچوونین ودەیانەوێ دەسەلاّتی سیاسی کوردستان بەرەفتار و کردەوە ڕووی دیموکراسی ومەدەنیخوازی خۆی نیشان بدات.

دەسەلاّتی سیاسی ئێمە ئەگەر بەڕاستی دەیەوێ ئەم ئەزموونە گەشە بکا و پەرەبسێنێوببێتە نمونەیەکی گەش. دەبێ ڕێز لەجیاوازی بگرێ و واز لەپەراوێزکردنی ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگر بێنێو لەبەڕێوبردنی دەسەلاّتدا دەرگای بەشداریکردنیان بۆبکاتەوەوئەو دیوارە کۆنکریتانە ووردوخاش بکات کە ڕێگەی بەشداریکردنیان لێدەگرێ و نابێ بەچاویلکەی حزبایەتیەوە سەیری ڕۆشنبیران بکەن وبەچاوی دژ بۆ ڕۆشنبیرانی دەرەوەی ئینتیمای حزبی بڕوانن و بۆ هەمیشەش دروشمی ((نان بەرامبەربێ دەنگی)) لەگۆڕبنێن کەتا ئێستا لەبەرامبەر ڕۆشنبیراندا پیادە دەکرێت.

nuradinwaisi@hotmail.com

**سەرنج :پوختەی سیمینارێك بووكەرۆژی ٢٠٠٢/٧/٩ لەبنكەی رۆشنبیری كاوە لەهەولێر پێشكەش كرا.**

www.kurdistannet.org